
# سەیوانەی هۆشمەند و سیستەمی ئاگادارکردنەوە





وەرز وەرزی باران و بەفر و سەرمایە، رەنگە لەم وەرزەدا سەیوان (چەتر) گرنگترین ئامێر بێت بۆ ئەو کەسەی کە نیازی چوونە دەری هەیە. سەیوانەکان هەتا ئێستا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، ئامێرێك بوونە بۆ خۆپاراستن لە بەفر و باران..

لەم ماوەیەدا سەیوانێکی هۆشمەند بەرهەم هاتووە کە بەیانی بەر لەوەی بچیە دەر هەوا تاو ساو بێت یان یان هەور و باران ئاگادارت دەکاتەوە.

سەیوانی Opus one کەلەلایەن سامسۆنگەوە بەرهەم هاتووە هەموو دەم سەبارەت بە کەش و هەوا زانیاریت پێدەبەخشێ، ئەم چەترە هۆشمەندە لە رێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و زانیاری سەبارەت بە کەش و هەوا نیشان دەدات. کاتێك کە بەکارهێنەر دەچێتە دەر کە دەستی چەترەکەی گرت گلۆپێك ئەوکاتەی باران نەبارێ بە رەنگی سەوز پێدەبێ و ئەگەر بارانیش ببارێ بە رەنگی سوور.. ئەوکاتەی کە پەیامێك یان پەیوەندییەکت بۆ دێت لە رێگای لەرینەوە ئاگاداری بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە، ئەگەر سەیوانەکە یان مۆبایلەکەت لەبیرچوو ئەوە دیسان ئاگادارت دەکاتەوە.






# تێستکردنی شەکرە بە مۆبایل

نەخۆشی (دیابێت) واتە سوکەری نەخۆشیەکی مەترسیدارە، بۆیە ئەوانەی تووش دەبن دەبێ ماوە ماوە تێستی سوکەری خۆیان بکەن بۆ ئەوەی بزانن رێژەی بەرزبوون و نزم بوونی شەکریان چەندە..

ئامێرەکانی تێستکردن گەلێکن و نموونەیان زۆرە کارکردی هەموویان یەك ئامانجە ئەویش نیشاندانی رێژەی شەکر لە خوێندایە، ئامێرەکانی تێستکردن گەرچی قەبارەیان گەورە نییە، بەڵام ناکرێ هەمیشە و بەردەوام بۆ هەموو شوێنێك پێت بێت، بەڵام مۆبایلەکەت کە هیچ کات لێت جیا نابێتەوە ئەگەر ئەم ئەرکە ئەنجام بدات زۆر کارئاسانی دەکات.. لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا ئەوەش دەکرێت.. ئامێرێکی بچووکی وەك (iHealth) کە لە شوێنی هیدفۆنی مۆبایل دەخرێت، بۆ تێستکردنی شەکری خوێنە.. ئاپێك کە لەسەر مۆبایلەکەیە بە وردی زانیاریت لەبارەی شەکری خوێنەوە پێدەڵێت، نە تەنیا ئەوە بەڵکو زانیاری تێستەکانیش لەخۆیدا ئەرشیف دەکات..




# کۆمپیوتەرێکی بچووک و کارایی زۆر

هەرچەندە ئەمڕۆکە مۆبایلەکان زۆر ئەرك و کاری کۆمپیوتەر رادەپەڕێنن، بەڵام هێشتا ناتوانن جێگرەوەیەکی باشی کۆمپیوتەر بن، رەنگە لە داهاتوودا گشت ئەرکەکان ئەنجام بدەن، یان کۆمپیوتەر بە سایز و قەوارەی مۆبایل بەرهەم دێت، وەك کۆمپیوتەری جۆری Sirius B کە هی کۆمپانیای Ockelە. پێشووتریش کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەرێکی گیرفانی مۆدێلی Sirius A ی بەرهەم هێنابوو.

کۆمپیوتەرە نوێیەکەی کۆمپانیای ناوبراو سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە، هەروەك لە وێنەکەدا دەیبینن، قەد مۆبایل یان هاردێکی دەرەکییە. یەکەی لێکدانەوەی واتە پرۆسیسەرەکەی چوار ناوەکی ئەنتەلە، رامەکەی ٢ گیگابایتە، هاردی ٣٢ گیگابایتە، سیستەمە بێ وایەرەکانی وەك وای-فای و بلوتوسی هەیە.





# کامێرایەکی ئەکشن و ناوازە مونتاژیش دەکات



کامێرای ئەکشن بەو کامێرایانە دەگوترێ کە لەکاتی جوڵەی زۆر و رۆیشتن بە پیادە یا بە ئۆتۆمبیل و پایسکل و مۆتۆر... وێنە و فیلم بگرێ بەبێ ئەوەی فیلم و وێنەکە تێك بچێت.

چەند ساڵێکە کامێرا ئەکشنەکان بەرهەم هاتوون و بەتایبەت بۆ تۆمارکردنی وەرزش گرنگی تایبەتیان هەیە. کامێرای جۆری (Graava) یەکەم کامێرای ئەکشنە کە جگە لە فیلم هەڵگرتنەوە کاری مونتاژیش دەکات، دیارە مونتاژ بە مانای پیشەییەکەی خۆی نا، بەڵکو کارێك دەکات کە فیلمێکی ٣ کاتژمێری بە کورتکراوەی تەنیا بە ٥ خولەك نیشان دەدات، کامێراکە لە هۆشێکی سمارت و سینسەری زانیاری بۆ ناساندنی باشترین دیمەن و کاتەکانی فیلم هەڵگرتنەوە سوود وەردەگرێ و بەشێوەی ئۆتۆماتیکی مونتاژی دەکات، کامێراکە هەم دژە بەرکەوتنە و هەم دژە تەڕبوونە، ئەپلکەیشنی کامێراکە بۆ ئەندرۆید و IOS هەیە، فیلمەکان لە ئینتەرنێتدا هەڵدەگرێت.

# کاتژمێری هۆش




کاتژمێری دوکیوئێچ (dokiwatch) یەکەم کاتژمێری هۆشمەندی تایبەت بە منداڵانە کەتوانای پەیوەندی دەنگ و رەنگی هەیە، بەهۆیەوە سەرپەرشتیارانی منداڵان لە هەر شوێن و هەر جێگایەك دەتوانن منداڵەکەیان ببینن و بیاندوێنن و ئاگاداری شوێنیان بن.

کاتژمێری ناوبراو پێشکەوتووترین کاتژمێری سمارتی منداڵانەیە، بۆ منداڵانی تەمەن ٦ هەتا ١٢ ساڵانەیە. یەکەمین کاتژمێریشە سیستەمی G٣ هەیە. سەرپەرشتیارانی منداڵ دەتوانن ئەو ژمارانەی تایبەتن لە کاتژمێر مۆبایلەکەدا تۆماری بکەن و منداڵانیش دەتوانن بە ئاسانی پەیوەندی بەو ژمارانەوە بگرن.

## هەموو شتێک بکە بە تەبلێت و لاپتۆپ

حەز دەکەی لاپتۆپەکەت یان تەبلێتەکەت شاشەکەی چەند بێ، وێنەکان و یارییەکان لە چ قەوارەیەکدا ببینی، دیارە رەنگە لەگەڵ حەزی تۆ نەگونجێ چونکە تەبلێت و لاپتۆپەکان سایزەکەیان سنووردارە..

کۆمپانیای سۆنی پرۆژەکتەرێکی بەرهەم هێناوە کە بە (interactive Xperia) ناسراوە. بەهۆیەوە دەکرێت مۆبایل یان تەبلێتەکەت لەسەر هەر شتێکی تەخت وەك مێز، دیوار نیشان بدەی و کاری پێبکەی. بۆ نموونە ئەو تیشکدانەوە و نیشاندانەی پرۆژکتەرەکە لەسەر مێزێك نیشانی دەدات دەتوانی بە دەست لێدان لەو ئایکۆنە خەیاڵیانە کاربکەی یان بنووسی یان یارییەك ئەنجام بدەی. کاتێك ئەو پرۆژکتەرە (ئەنتەرئەکتیڤ)ە گشتگیر بێ و بکەوێتە بازاڕەوە گۆڕانکارییەکی گەورە لە جیهانی نیشاندان دێتە پێش.. شاشەکان بە ویستی بەکارهێنەرەکە دەبن، مۆبایلێکی بچووك دەبێت بە شاشەیەکی مەزن، لە فیلمە خەیاڵییە زانستییەکاندا زۆر جاران ئەوە نیشاندراوە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بزانم کە مۆبایلەکەم سیخوری بەسەرەوە ناکرێت و پرۆگرامی سیخوڕیان بۆ دانەناوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی بزانی کە مۆبایلەکەت سیخوری بەسەردا ناکرێت و نەخراوەتە ژێر چاودێری، دەبێت پرۆگرامی anti spy mobile لەسەر مۆبایلەکەت دابنێ کە بەبێ بەرامبەر لە ئینتەرنێتدا دەست دەکەوێت، سیخوڕی کردنیش دوو جۆرە یەکەمیان لەلایەن کەسانی نزیکتەوە دەکرێت و کەسێك کە دەتناسێت، ئەوەیان بە بەردەست بوونی مۆبایلەکە لە بەردەستیان دەکرێت، دووەمیان کە گرنگە نابێ هیچ پرۆگرامێك جگە لە (گوگل پلەی) لە هیچ شوێنێکی دیکە وەربگیرێ، بەتایبەتی پرۆگرامەکانی تایبەت بە کامێرا چونکە سیخوڕی زۆ ر لەلایەن ئەو پرۆگرامانە دەکرێت.




# مەندی منداڵان

سەرپەرشتیارانی منداڵ دەتوانن سنوورێکی جوگرافی بۆ دەرچوونی منداڵەکەیان دابنێن، هەرکاتێک لەو بازنە و سنوورە دەرچوو، ئەوە پەیامێکی ئاگادارکردنەوەیان بۆ دێت کە منداڵەکە لەو بازنەیە دەرچووە و بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات.
خاڵی جێگای سەرنج لەو کاتژمێرەدا ئەوەیە هەرکاتێک منداڵەکە هەستی بە مەترسی کرد بە داگرتنی دوگمەی سور SOS بۆ ماوەی ٣ چرکە داوای یارمەتیتان لێدەکات. بە داگرتنی دوگمەیەک پەیامی ئاگادارکردنەوە بۆ گشت ئەوانەی لە لیستەکەدان بەڕێ دەکرێ، دواتر خولەکێک دەنگی منداڵەکەو شوێنەکە بۆ ئەوانە بەڕێ دەکرێ.

# ئەی ئاوێنەی جادوویی کامەمان جوانترین!

مانشێتی سەرەوە دیالۆگی شاژنی کارتۆنی (دەنکە هەنارە) یە لەگەڵ ئاوێنە سیحراوییەکەی، ئێستا لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا کە هەموو شتێک لە خەیاڵەوە بەرەو راستی دەڕوا ئاوێنەی سمارتی هاوشێوەی ئاوێنەی سیحری شاژن بەرهەم هاتووە.
گەر تۆ یەکێکی لەوانەی گرنگی بەجوانی روخسار دەدەی و رۆژانە سەیری ئاوێنە دەکەی، سەیری ئاوێنەی (Himirror) بکە، ئاوێنەکە لە راستیدا شاشەیەکی ١٤ ئینجیە، دەکرێ لە هەموو شوێنێک هەڵبواسرێ. لەسەرووی ئاوێنەکەوە کامێرایەک هەیە کە هەموو رۆژێک وێنەی بەکارهێنەرەکەی دەگرێ و لەگەڵ وێنەکانی پێشووی بەراوردی دەکا، دواتر زانیاری سەبارەت بە پێستی بەکارهێنەرەوەی و هەروەها رێنوێنی تەندروستی بە بەکارهێنەرەکەی رادەگەیەنێ، هەروەها بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێ و زانیاری سەبارەت بە کەش و هەوا و هەروەها زانیاری سەبارەت بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بۆ ئەوەی کە پێستی بەکارهێنەرەکەی تێك نەچێت رادەگەیەنێ.





# دیسان سایتێک بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی

زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا زمانی یەکەمە، بۆیە هەموو کەسێك لە هەر تەمەنێکدابێ و بە هەر زمانێك قسە بکات حەز دەکات ئەو زمانە فێر بێت، کلیلی سەرەکییە بۆ قسەکردن لە گەڵ جیهان، بۆیە پرۆگرام و ئەپلکەیشن و ماڵپەڕ و دەیان ئامرازی دیکە هەن بۆ فێرکردنی ئەو زمانە، بە هەزاران سایت هەن لەو بوارەدا چالاکیان هەیە هەندێك لەوان بە خۆڕایین..
یەکێك لەو سایتانە سایتی Many Thingsە. ماڵپەڕەکە تایبەتە بۆ ئەوانەی کە تازە لە سەرەتادان، فێرخوازان لە رێگای یاری، رستەی سەرەتایی، یاریکردن بە وشەکان، فەرهەنگی وشە و دەستەواژە باوەکان دەتوانن فێری زمانی ئینگلیزی بن. لە بەشی دەنگ و وتاردا بابەتی زۆر گرنگی تێدایە، کارگێڕانی ماڵپەڕەکە دەڵێن هەتا ئێستا ٢٠٠ هەزار کەس لەو سایتەوە فێری ئینگلیزی بوونە..